
ڕووسیا پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی تەلەگرام و واتسئەپ سنووردار دەکات



ڕووسیا پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی تەلەگرام و واتسئەپ سنووردار دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەو دوو پلاتفۆرمە بە مەبەستی کاری تیرۆریستی و ئاژاوەگێڕی بەکار دەهێنرێن.

چوارشەممە 13ـی ئابی 2025، فەرمانگەی ڕووسیا بۆ چاودێری پێوەندییەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری و میدیا ڕایگەیاند، ئاگادارتان دەکەینەوە بە سنووردارکردنی پێوەندییە تەلەفۆنییەکان لە پلاتفۆرمەکانی تەلەگرام و واتسئەپ هۆشوێنی پێویستیمان گرتووەتە بەر، ئەمەش بە مەبەستی بەرێنگاربوونەوەی چالاکییە تاوانکارییەکانە لە ڕووسیا.

ئاماژەشی داوە، بڕگوڕی سکاڵای هاووڵاتییان، ئەم پلاتفۆرمە بیانییانە بوونەتە ئامرازی سەرکی بۆ فۆکردن، وڕانکاری و بکارهێنانی هاووڵاتییان بۆ کاری تەکدەرانە و تیرۆریستی لە ڕووسیا.

هەروەها فەرمانگەکە باسی لەوەش کردووە، کە چەندین جار داوایان لە خاوەنی پلاتفۆرمەکان کردووە هۆشوێن بگرنە بەر، بەڵام داواکارییەکانیان پشتگوێ خراوە.

فەرمانگەکە جەختیشی لەوە کردووەتەوە، کە سنووردارکردنەکە هیچ تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دوو پلاتفۆرمە ناگرێتەوە و تەنیا پێیوەندییە تەلەفۆنەکان سنووردار دەکرێن.